تاوانە گەورەکان (الكبائر): شیرک وهاوەڵدانان بۆ خوای گەورە، خراپەکاری بەرامبەر دایک وباوک، وکوشتنی نەفسێک، سوێندخواردن بە ناهەقی

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «تاوانە گەورەکان (الكبائر): شیرک وهاوەڵدانان بۆ خوای گەورە، خراپەکاری بەرامبەر دایک وباوک، وکوشتنی نەفسێک، سوێندخواردن بە ناهەقی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێك لە تاوانە گەورەکان ڕوون دەکاتەوە، کە بکەرەکانیان هەڕەشەی تووندیان لێکراوە لەدونیا وقیامەتدا : یەکەم: شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە: ئەمیش واتا کردنی پەرستنێك لە پەرستنەکان بۆ جگە لە خوای گەورە، وەکسان کردنی جگە لە الله بە الله لە ئولوهیەتی -پەرستراوێتی- یان پەروەردگارێتی یان ناو وسیفەتەکانیدا. دووەم: خراپەکاری بەرامبەر دایك وباوك: هەموو ئازاردانێکی دایك وباوك دەگرێتەوە، بە قسە یان کردەوە بێت، وهەروەها چاکەکار نەبوون بەرامبەریان. سێیەم: کوشتنی نەفسێك: ئەمیش کوشتنی بەناهەق دەکرێتەوە ؛ وەکو کوشتن بە ستەم ودەستدرێژی. چوارەم: سوێندخواردنی نقومکەر: واتا سوێندخواردن بە درۆ ؛ هەرچەندە دەزانێت درۆ دەکات لەم سوێندخواردنە، وبەم ناوە باسکراوە چونکە خاوەنەکەی نقوم دەکات لە تاوان یان لە ئاگری دۆزەخ.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3044

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee